گوتاری پیاوانی ئایینی

تێکەڵەیەك لەجەهل و تەشهیر و تەکفیر

♦ سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

بەشی سێیەم

لە بەشی پێشودا، کە تەرخانم کردبو بۆ بەڵگەسازی وسەرچاوەدارکردنی زانیاریەکان، نیازم وابو بەڵگە وسەرچاوەکانی هەمو زانیاریەکانی نوسینی پێشو (پیاوانی ئایینی لەنێوان کاری زانستی ودادگاییکردنی نوسەراندا) بخەمەڕو، بەڵام ئەو بوارە کەمەی لە ئەڵقەیەکی ڕۆژنامەیی وەهادا دەڕەخسێت تەنها بە خستنەڕوی بەڵگە وسەرچاوەکانی چیرۆکی (عورەینەییەکان) پڕبوەوە.. ناشمەوێت ئەم زنجیرەیە زیاد لە پێویست درێژ ببێتەوە، بۆیە ناچارم سەرچاوەدارکردنی زانیاریەکانی تر هەڵ بگرم بۆ پەراوێزەکانی ئەو کتێبەی داهاتو کە سەرجەمی ئەم مشتومڕانە کۆدەکاتەوە، جگەلەوەی لەم بەشە وبەشەکانی داهاتویشدا بۆ هەندێك باسوخواس دەگەڕێمەوە ولێرەوە هەرچی باس بکەم وهەر زانیاریەك بخەمەڕو لەگەڵیدا ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی دەکەم، بەتایبەتی ئەوەی ئەگەری ئەوەی هەبێت مەلاکان ئاگاییان لێی نەبێت ونکولیی لێ بکەن، بۆ ئەوەی بواری نکولیکردنیان بۆ نەمێنێتەوە. لێرەوە لەم بەشەدا ـ وەکو پێشتر بەڵێنم دا ـ بەسەر قسەوقسەڵۆك وبڕوبیانوو لاوازەکانی وەڵامنامەکەیاندا دەچمەوە و وەڵامی ڕاستەوخۆ لەسەر گەلێك لە تەوەرەکان دادەنێم.. ئەوەش لەم چەند خاڵەدا:

١. سەرەتا ئێمە لەسەر ئەو تەشهیر وناوزڕاندن وجوێن وتانەوتەشەرەی سەرەتا ودواتری وەڵامنامەکەی (یەکێتیی زانایان) هەڵوێستەیەکی ئەوتۆ ناکەین، چونکە بابەتەکە پێویستیی بە توێژینەوەی ئایینیی ئێمە نیە بەڵکو تەنها پێویستیی بە توێژینەوەی دەروونی ودەماریی پسپۆڕێکی دەروونناسی هەیە کە بزانێت سایکۆلۆجیای مرۆڤی باوەڕدار بۆچی بەو شێوەیە هەستیار وهەڵەشەیە وبیروڕای جیاوازی بە هیچ شێوەیەك پێ قبوڵ ناکرێت وبە ڕەقێکی لەبننەهاتو وهەڵچونێکی سایکۆپاتی وقسەی ناشیرینەوە ڕوبەڕوی بیروڕای جیاواز دەبێتەوە، بۆچی ناتوانێت جیاوازی قبوڵ بکات. هەر مرۆڤی باوەڕدارە کاتێك بەرامبەرەکەی گوزارشی لە بیروڕایەکی جیاواز کرد هەڵ دەچێت وتێك دەچێت وتوڕە دەبێت یان دڵی ئێشێت وحەز لە گریان وشین و واویلا دەکات (یان تورەبون وشین و واویلا کۆ دەکاتەوە ودیمەنێکی زۆر سەیری لێ دروست دەبێت! وەکو ئەوەی لە خۆپێشاندانە ئیسلامیەکاندا دەیبینین!)، هەر وەکو ئەوەی باوەڕ تەنها نەخۆشییەکی دەماری بێت وپێویستە بکات عیادەیەکی دەروونناسی بۆ باوەڕداران بکرێتەوە!

٢. بەڵام تەنها هەڵوێستە لەسەر چەند ئاماژەیەکی ئەو سەرەتایەی وەڵامنامەکە دەکەین. لەوانە: ویستویانە بڵێن کە من بۆ "پاککردنەوەی هەڵوێستی سالانی ڕابردو" م ئەو زنجیرەیەم نوسیوە یان لەسەر پیاوانی ئایینی وکۆمەڵگای فەقێ ومەلایان دەنوسم! من ناتوانم بەو قسەیە پێنەکەنم! من لە هەر شوێنێك ولای هەر کەسێك خۆم تەقدیم بکەم دەڵێم "خوێندنی ئایینییشم هەبوە" وئەوە بە گرنگترین خاڵی بەهێزیی خۆم دەزانم، هەمیشە شانازی بەوەوە دەکەم کە هەردو کولتور وڕۆشنبیریی (کۆن) و (نوێ) ـم لە خۆمدا کۆ کردوەتەوە. من لە خوێندنی ئایینیدا تۆمەتبار بوم بەوەی کۆنەخوازم، مەبەستیان ئەوەبو عاشقی دەستنوسی کۆن وعەودالی نوسراو ودەنگوباسەکانی سەردەمە کۆنەکان بوم، ئێستەش لە توێژینەوە نوێخوازەکانمدا تۆمەتبارم بەوەی بەرامبەر زانستە نوێیەکان خۆشباوەڕم. بەڵام ئەوەی جەوهەریە لە مندا هەر عەودالبون وگەڕان وکۆڵنەدانە. نرخی (کۆن) دەزانم وخەریکی کۆکردنەوەی (کۆن) ـم، ئەو میتۆد وزانیاری وداتا ودۆزینەوە زانستیە (نوێ) یانەش کە پەیوەندییان بە کارەکەی خۆمەوە هەبێت هیچیان لە دەستم دەرناچن. ئەوەیە نهێنیی سەرکەوتنی من لە توێژینەوەی کەلەپوری کۆنداا، بەتایبەتی کەلەپوری ئایینی. ئینجا ڕوبەڕوی هەر کەسێك وهەر لایەنێك دەڵێم: بێ منەت بن، من کۆنە فەقێیەکم (بەڵام زیرەکترین فەقێ بوم)، عەودالی هەمو دەنگوباسەکانی جیهانی کۆنم (دەمەوێت بزانم: چی ڕوی داوە؟)، حەزیشم لە گۆرانیەکانی (حەسەن زیرەك) ـە! هەر کەسێکیش بەو شێوەیە منی ناوێت بێ منەت بێت..

٣. ئینجا نوسیویانە "ڕەنگە لەلایەن نیعمەتپەروەرانی حیزبەوە داوای لێ کرابێ"! واتە گوایە من بە داوای لایەنێکی حیزبی ئەم نوسینە ڕەخنەییانە لەسەر پیاوانی ئایینی وکەلەپوری ئیسلامی دەنوسم! وەکو کابرا وتی "فێڵی خۆم لە خۆم دەکەنەوە"! ئەوانیش زاراوەی خۆم بەکار دەهێننەوە بەڵام بەبێ حاڵیبون: (نیعمەتپەروەر) ئەو کەسەیە کە سود لە کەسێك یان لایەنێك وەردەگرێت، ئەوی تر (خاوەنی نیعمەت) (وليّ النعمة) ـە، بەڵام ئەوان (نیعمەتپەروەر) یان بە واتای دوەم (خاوەنی نیعمەت) بەکار هێناوە! بڕوانە ئەو تەممەڵیە فیکریە! وردەوپردەی سەر خوانەکەی من دەقۆزنەوە وناشزانن چۆنی بەکار دەهێنن! دەربارەی ئەو جۆرە لێکدانەوەیەش، ئەگەر کەسێك بمناسێت دەزانێت من لە مندالیمەوە عەودالی یەکالاکردنەوەی ئیسلام ومێژوی ئیسلام ودەقە ئیسلامیەکان بوم. ئینجا من تەنها کۆنتراکتێکم لەگەڵ گۆڤاری (دۆسیێی ئیسلام) هەیە لە (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی)، کە ماوەیەکە ئەم مشتومڕ وباسوخواسە لاوەکیانە دەستیان گرتوم لەوەی تۆپژینەوەیەکی باش بۆ ئەو گۆڤارە ئەنجام بدەم، وئەو کەسەی لێپرسراوی کارەکەی منە زۆر نیگەرانە لەوەی من خۆم خستوەتە ئەم مشتومڕەوە کە دەکرێت لە هەندێك لایەنەوە بە (بێهودە) وەسف بکرێت. جگەلەوەی شتێك خۆم باوەڕم پێی نەبێت نەك بەرپرسێکی حیزبی بەڵکو گەورەترین فەیلەسوفیش ناتوانێت پێم بکات. بەڵام مرۆڤی موسوڵمان هەمو کاتێك بە تیۆریی (پیلانگێڕی) هەمو بزاوت وچالاکی وبیروڕا ونوسینێك لێك دەداتەوە. بۆیە هەرچی بکەین دەڵێن ئەوە فلان کەسی لەپشتە! یان ئەوەندەیان داوەتێ! یان دەستێك هەیە وپرۆتۆکۆل وبەرنامە ولیژنەیەك وپلانێکی جەهەننەمی هەیە! هەر خۆیشیانن کە هەمیشە لە پیلاندان بۆ تێکدانی هەمو شتێك، هەر خۆیانن کە بەبێ ئامانجێکی ئایدیۆلۆجیایی بچوکترین هەنگاو نانێن ویەك وتە قسە ناکەن. هەر خۆیانن کە تەنانەت هێشتنەوەی ڕیشیان وتاشینی (یان قەڵەمیکردنی!) بەندە بە تەوجیهی سیاسیەوە!

٤. دێینە سەر ئەو چەند دێڕە شیعرە عەرەبیەی کە ئەو فەریکە قەڵەمە مەلایيە زۆر ناشیانە بۆ منی هێناوەتەوە: بەشی یەکەمی دێڕی یەکەم نوسیویەتی (فكم ربيت جروا طال عمري)، لەکاتێکدا ئەوە (طول عمري) ـە و (طال عمري) بۆ ئەو شوێنە پێکەنینناویە! بەشی یەکەمی دێڕی دوەمیش نوسراوە (فكم علمته عليم القوافي)! لێرەدا (عليم) ڕەنگە هەڵەی چاپ بێت، بەڵام (علم القوافي) یش گێرانەوەیەکی زۆر کەمە وگێرانەوە باوەکە کە ڕەوانترە و واتاکەی دروستترە دەڵێت (نظم القوافي)، چونکە وتویەتی (فێری شیعر وتنم کردوە) نەك بڵێت (فێری زانینی شیعرم کردوە) کە ئەمەی دوەمیان لەبار نیە. ئینجا هەڵەی گەورەی ئەم فەریکە قەڵەمە لە بەشی یەکەمی دێڕی سێیەمدایە، کە هەر وەکو لاساییکردنەوەی دو دێڕی پێشو نوسیویەتی (فكم علمته علم الرماية)!! بێ گومان هەمو سەرزەوی بگەڕێ دەستەواژەیەکی وەهات دەست ناکەوێت، گێرانەوەکە خۆی دەڵێت (أعلمه الرماية كل يوم) واتە (هەمو ڕۆژێك فێری تیراندازیی دەکەم).. جگەلەوەی هەمو جارێك بە (فكم) دێڕەکە دەست پێ دەکات، کە ئەوە هەرچەند سەبارەت بە دێڕی یەکەم لە خودی گێرانەوەکەدا وا نیە چونکە ئەو دێڕەی یەکەم بە شێوەی (لقد ربيت جروًا طول عمري ★ فلما صار كلبًا عض رجلي) هاتوە ولەڕاستییشدا سەربەخۆیە وپەیوەندیی بە دو دێڕی دواترەوە نیە (چونکە قافیەکەیشیان جیاوازە)، فەریکە قەڵەمەکەش وەکو یەك پارچە هێناویەتی، بەڵام جگە لەوەش بۆ هەردو دێڕی دوەم وسێیەمیش هەر (فكم) دوبارە دەکاتەوە، کە دەبوایە (وكم) بوایە. ئەمە هەموی جگەلەوەی لە هەمو شێوەکانی ئەم دو دێرەدا دێڕی (أعلمه الرماية..) لەپێشترداية ئینجا دێڕی (وكم علمته نظم القوافي) دێت، بەڵام فەریکەکە پاشوپێشی کردون. دەی کەواتە ئەمە (زانا) نەبو کە ئەم چەند دێڕەی بە شەقوشڕی نوسیوەتەوە، و وەڵامنامەکەش وەڵامی (یەکێتیی زانایان) نەبو، چونکە لێرەدا (ئیسم) و (موسەمما) موتابیق نین! یان ئەمە وەڵامی (یەکێتیی زانایان) نیە، یان ناوی (یەکێتیی زانایان) لەبنەڕەتەوە هەڵەیە ودەبوایە شتێکی تر بوایە!

٥. ئینجا هەر لە سەرەتادا ولە زۆر شوێنی تریشدا دەنوسن " ئەو نوسینە پێویست بە وەڵامدانەوە ناکات"، دەی ئەگەر پێویست ناکات بۆ بەو شێوەیە سەغڵەت بون؟ باوەڕیشم وایە وڕەنگە زۆر خوێنەریش لەگەڵمدا بن کە هیچ نوسەرێکی کورد وەکو من تا ئێستا توێژی پیاوانی ئایینی (یەکێتیی زانایان، بە نمونە) ی تەنگەتاو نەکردوە، خۆیشیان دەزانن کە من زۆرم بۆ هێناون و وەڵامەکانیان لاوازی وتێکشکانی پێوە دیارە وزۆر جار پەنا بۆ قسەکانی خۆم دەبەنەوە. ئەو ڕەخنە وتوێژینەوە ڕەخنەییەی من دەیکەم لەسەر مەعریفەی پیاوی ئایینی وکۆمەڵگای فەقێ ومەلایانی کوردەواری بڕوا ناکەم بۆ هیچ نوسەرێکی تر ڕەخسابێت (بۆ نمونە: ئەو توێژینەوە ڕەخنەییەی لە بەشێکی داهاتودا لەسەر "سەنەد" ی ئیجازەی مەلایەتی دەیکەم بۆ یەکەم جارە شتێکی وا دەهێنرێتە کایە وڕەنگە بتوانم بڵێم بە زمانی تریش ئەو کارە نەکراوە).

٦. ئینجا دەنوسن "بە کورتی وبە کورتترین وشە وەڵامی دەدەینەوە"! بەڵام: بۆچی کورت دەنوسن وکەمی لەسەر دەڕۆن؟ لەبەر ئەرکە زانستیە قورسەکانتان ونوسینە زۆرەکانتان مەجالتان نیە؟! زۆر بنوسن وهەمو شتێك ڕون بکەنەوە، تا هیچ گومانێك نەمێنێت، فێرمان کەن وڕوناکمان بکەنەوە، ڕەحمەتتان لێ بێ! یان هەر ئەوەندە دەتوانن ونەفەستان هەر لە ئەزەلەوە قەدەری (کورتی) ی بۆ نوسراوە، وەکو کورتیی عومری هەمو فیکرێکی ئەفسانەیی وهەمو درۆ وچاوبەستییەك. بێ گومان دوایی کورتیشیان نەنوسیوە، بەڵکو لەسەر بابەتێك کە زۆری دەوێت کەمیان نوسیوە ولە هەندێك بابەتی تردا بەبێ هودە زۆریان نوسیوە، بۆیە لەسەر (٢) بەشی یەکەمی من (٣) بەشیان نوسیوە، بەڵام لەسەر (٢) ی چڕوپڕی تری من تەنها (١) بەشیان نوسیوە! ئەمەش چونکە لە سەرەتاوە وایان زانیوە نوسینەکەی من تەنها (٢) بەشە، لەسەر ئەوە (٣) بەشیان نوسیوە، دوایی بۆ (٢) بەشەکەی ترم لە یەك بەشدا شتێکیان هەڵ پڕوزکاندوە وناویان ناوە (وەڵام)!

٧. جگە لەوانەش نوسیویانە "(دێربەدێر) وەڵامی دەدەینەوە" ، بەڵام تەنها لێرەولەوێ هەندێك بیانو دەگرن وئەوانەی تر هەموی بازی بەسەردا دەدەن. ئەو بیانوگرتنانەش (کە شایەنی ئەوە نین پێیان بوترێت ڕەخنە یان وەڵام) زۆر کەمو کوڕ وبێتوانان، بۆ نمونە من لەچەند دێڕێکدا ئەو هەمو زانیاریەم لەسەر کەسێتیی (ئەبو هورەیرە) داوە وقسە وهەڵوێستی (عومەر) و (ئەبو حەنیفە) م لەسەری هێناوەتەوە، بەڵام ئەوان تەنها ئاماژەیەکی نادیار بۆ (ژیانی پڕبەرەکەت)(!) ی (ئەبو هورەیرە) دەکەن وئینجا دەڵێن لێرەدا بوارمان نیە زیاتری لەسەر بڕۆین!! بۆ زیاتری لەسەر نارۆن؟ بۆ زانستە گەوهەربارەکەتان(!) نابەخشن ئەگەر هەیە؟! تاکەی عەیب وفەزیحەتەکان دەشارنەوە وبوێرانە باسیان ناکەن؟ تا کەی بێئاگان لە کێشە ومەتەڵ وموعەمماکانی مێژوی ئیسلامی؟ ئەو ژیانە (پڕبەرەکەت) ـەی (ئەبو هورەیرە) ئێوە باسی دەکەن زۆربەی هەرەزۆری لە خواردنی تریتی چەوری موعاویەدا بەسەری بردوە، هەر لەبەر خاتری موعاویە وباقی دیکتاتۆرە ئومەویەکان چەندین حەدیسی هەڵ بەستوە.. گەلێکیش لەو قسانەی بەناوی فەرمودەی پێغەمبەرەوە گێڕاونیەوە لەڕاستیدا قسەی (کەعبی ئەحبار) ن، کە زۆر جار پێچەوانەی قورئانیشن، وەکو (ئیبن کەثیر) و (ئیبن تەیمیە) ئاماژەیان بۆ هەندێك حاڵەتی لەم جۆرە کردوە (درێژەی ئەمە دواتر دێت). من دە جاری تریش بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێمەوە و وەرگێڕانی لێکۆڵینەوەکانی هەردو (مەحمود ئەبو ریە) و (د. موستەفا بۆهەندی) یش لەسەر (ئەبو هورەیرە) بۆ کوردی لە پرۆژەمدا هەن (بۆ خۆم یان بە سەرپەرشتیی خۆم). ئێستەش دەمەوێت تەنها ئەوە بزانرێت کە تۆمەتبارکردنی ئەبو هورەیرە بە فەرمودەسازکردن تۆمەتێکی کۆنە ودەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی صەحابە، وە بەپێی سەرچاوە ئیسلامیەکان ــ (عومەر) و (عەلی) لەو لایەنەوە ئاگاداریان کردوەتەوە وقسەی ڕەقیان پێ وتوە. دواتریش دەگەڕێمەوە بۆ باسی ئەبو هورەیرە وفێریان دەکەم کە ئەبو هورەیرە کێیە.

٨. سەبارەت بەوەی من ئەوانم بە (موچەخۆری ئەوقاف) و (نیعمەتپەروەری یەکێتیی نیشتمانی) ناو بردوە.. بۆ (موچەخۆری ئەوقاف) ئەوە شتێکی ئاشکرایە وهەمو مەلایەك (مۆزەف) ی ئەوقافە وموچەیەکی بەلاش لەسەر نوێژەکانی وتەبلیغاتەکەی کە بەحساب ئەرکی ئایینیی سەرشانی خۆیەتی، وەردەگرێت، نەك هەر موچە بەڵکو زۆر جار ماڵەکەیشی هەر بەشێکە لە مزگەوتەکە، زۆریشیان هەیە پارچەزەوییشی وەرگرتوە. سەبارەت بە (نیعمەتپەروەری یەکێتیی نیشتمانی)، من مەبەستم ئەوە نەبوە مادەم ناویان (یەکێتیی زانایان) ـە کەواتە سەر بە یەکێتین (وەکو یەکگرتویش "یەکگرتوی زانایان" دروست کردوە!)، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە وهەمو کەسێکیش ئەوە دەزانێت کە هیچ مەلایەك بەبێ پلەی حیزبی یان لایەنداری وپەسەندکردن (تزکية) ی حیزبی ناتوانێت لێپرسراوێتیەك لە یەکێتیی زانایاندا وەربگرێت (ئەندامێتی بەلاشە، بەڵام مەبەستەکەمان لێپرسراوێتیە). هەمومان ئەوە دەزانین کە (یەکێتیی زانایان) لە ئەم لا ولە ئەولایش هەر پەراوێزێکی دو حیزبەکەن (ئاخر خۆ هێشتا "ئەملا وئەولا" ماوە! بەڵام تەنها ڕێك کەوتون کە شەریك بن!).. شارراوە نیە کە هەندێك لە مەلاکانی ئەم لا وئەو لا کاتی شەڕی ناوخۆ چۆن ئاگرخۆشکەر بون وبە ئامرازی ئایینی (وەکو فەتوا وتەلاقخستنی جەنگاوەرانی حیزبی بەرامبەر وئایەتهێنانەوە لەسەر ئەوەی ئەو حیزبە جارێکی تر دروست نابێتەوە!) بەشێك لە شەڕەکەیان ڕادەپەڕاند (بەڵام ئەوەندە هەیە کۆلانەنەوەی ڕوداوەکانی ئەو سەردەمە شوم وبەربادە خۆش نیە بۆیە هەمو شتێك ناوترێت).

٩. دڵیان بەوە خۆش کردوە کە من نوسیومە "وەڵامەکەیان ئامادەکاریی بۆ کراوە"! گوایە بەم قسەیە من شایەتیم بۆ داون کە نوسینەکیان زانستی وبەهێزە! خوێنەر لێرەدا دەبینێت چەندە شایەتیی منیان بەلاوە گرنگە! جگە لەمەش من تەنها مەبەستم ئەوە بوە کە ئەو کارەیان کەینوبەین وتەگبیری بۆ کراوە (بۆ نمونە: دەزگایەکی وەکو یەکێتیی زانایان ئامادە بوە تەشهیری فەریکە قەڵەمێك، دەرهەق تاکەکەسێك، بە مۆری خۆیەوە وبەناوی دەزگاکەوە، ڕەوانە بکات بۆ بڵاوکردنەوە، ولێپرسراوێتیی ئەوە بخاتە ئەستۆی خۆی!).

١٠. دەڵێن: "زمانی تۆیش توندە"! ڕاستە زمانی من تونده، بەڵام ئەو زمانە وەڵامی جوێن وناوزڕاندن وتەشهیر وهێرشە ئایینیە دەمارگرژەکانی ئێوەیە، دەرهەق بە من وبە کاك (شازین هێرش) وبە هەر نوسەرێکی تر کە بیەوێت ئاگایی وهۆشیارییەکی ڕاستەقینە بدات بە خەڵك. زمانی من هەرچەند توند بێت (کە ئەمە یەکەم جارە زمانی توند بەکار دەهێنم) هێشتا لە جوێنەکانی ئێوە باشترە.

١١. دەڵێن "تۆیش وەکو (مەریوان هەڵەبجەیی) نوسین دەدزیت ورۆژگاری داهاتو ڕاستیەکان دەردەخات"! واتە لە داهاتویەکدا ڕون دەبێتەوە کە نوسینەکانی منیش لە چ کتێبێکەوە دزراون! باشە! جارێ پێش هەمو شتێك وەڵامی ڕاستەوخۆ نادزرێت. سەبارەت بەو باس وخواس ولێدوان وتوێژینەوە کورتانەیش کە لە مشتومڕەکەی منداا هەن، بۆ هەندێکیان هەر تەحەددیتان دەکەم لە هیچ سەرچاوەیەکدا بەو شێوەیە پوخت وگەلاڵەکراوە هەبن: بۆ نمونە ئەو پوختە مێژوییەی من لەسەر "هێرشەکانی پێغەمبەر بۆ سەر جولەکەکانی مەدینە" (بەشی ٢) و"غافڵکوژکردنی عومەر لەلایەن ئەبو لوئلوئە" (بەشی ٤) وە، بڕوا ناکەم لە هیچ نوسینێکی نوێدا هەبن (یان من نەمبینیوە)، ومنیش لە بەراوردکردن وگەلاڵەکردنی سەرچاوە ئیسلامیە کۆنەکان ساخم کردونەتەوە. ئەو کورتە باسەی کردومە لەسەر (ئاستی خوێندن ومەعریفەی ئایینی لە کوردەواریدا) (بەشی ٢) ولەسەر (ئیسلام وکۆیلاتی) (بەشی ٣) هەر داهێنانێکی ڕوتن. هەندێك زانیاری وئاماژەی تریش لە نوسینەکەمدا هەن کە بەدەگمەن خوێنەواری خۆرهەڵاتی ڕێی لێیان دەکەوێت. بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی بەکەمی دەگەڕێمەوە بۆ سەرچاوەی نوێ، بەڵکو زیاتر کار لە دەقە بنەڕەتیەکان وکەرەستەی خاو دەکەم، هەمیشە حەز دەکەم کەرەستەی خاو بەکار بهێنم نەك ناوەڕۆکی زەینی بیرمەندێك قووت بدەمەوە.

جگەلەوەش کەسێك دەتوانێت بڕیار بدات کە فلان نوسین دزراوە کە لە نوسەرەکە شارەزاتر بێت ولە هەمو زانیاریەکان وزیاتریش ئاگادار بێت، بەڵام ئێوە زۆربەی نوسینەکەی من بۆتان نوێ ونامۆ بو. ئینجا پێتان چۆنە ئەگەر ئێمەش (دزینەکان) ی دەقە ئیسلامیەکان لە دەقە ئایینیەکانی پێش ئیسلام بۆ خەڵك ڕون بکەینەوە؟!

سەبارەت بە (مەریوان هەڵەبجەیی) یش، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەو وبۆ هەر نوسەر وقەڵەمبەدەستێك، دەڵێم: ئەوە عەودالی ڕێگەی توێژینەوەی زانستی نیە و، ئێمە ڕەخنەگرەکانیشی بە قوتابی قبوڵ ناکەین!

١٢. لە نوسینی پێشودا سەرنجم بۆ ئەوە ڕاکێشا بو کە لە بیری ئایینیی ئیسلامی (ی سوننی) دا قورئان بە ئەزەلی دادەنرێت، وئەمەش بە بڕوای من دیمەنێکی (قورئانپەرستی) ی کولتوری ئیسلامیە. بۆیە نوسیویانە "ئێمە وەکو ئەهلی سوننەت وجەماعەت بڕوامان وایە قورئان کەلامی خوایە وئەزەلیە نەك وەکو تۆ موعتەزیلیانە دەڵێیت ئەزەلی نیە". جارێ ئەگەر مەلایەکی کورد بتوانێت شەرحی بیروباوەڕی موعتەزیلە بکات وبزانێت بۆچی موعتەزیلە وتویانە (کەلام) فیعلی خوایە نەك سیفەت وبەم پێیە قورئان مەخلوقە نەك ئەزەلی وبزانێت بۆچی موعتەزیلە سەرەتا بونی (سیفەت) ی جیاواز لە (زات) ی خوایان ڕەت کردوەتەوە (کە ئەمە پێیان وتوە "تەعتیل") ودواتریش کە زاراوە ومیتۆدەکەیان پێگەیشتوە جیاوازیی (سیفەت) یان لە (زات) تەنها بە جیاوازییەکی زیهنی پۆلێن کردوە.. ئەگەر مەلایەك ئەم شتانە بزانێت وسەرەدەرەیان لێ بکات بۆی هەیە ولێی دێت ناوی موعتەزیلە بهێنێت.. بەڵام دڵنیام کە هیچ مەلایەکی کورد نیە سەری لەم شتانە دەربچێت یان دەقێکی ڕەسەنی موعتەزیلەی خوێندبێتەوە. موعتەزیلە فەیلەسوفی ئیسلامی وداکۆکیکار وپارێزگاری فەلسەفیی بیروباوەڕی ئیسلامی بون لە ڕۆژگاری خۆیاندا، ئیتر مەلایەکی کوردی ئێستە کە خەریکە (ئەشعەریەت) ـەکەیشی لەبیر دەچێتەوە کەی ڕوی ئەوەی هەیە ناوی موعتەزیلە بهێنێت یان نەخوازەڵا بە خراپی باسیان بکات؟! نیوەی ڕاستی مەلاکانی وڵاتی کوردەواریش بونەتە سەلەفی و وەهابی (جا یان سەلەفیەتە چڕەکە یان لاوازکراوەکەی کۆمەڵەی ئیخوان)، کە سەلەفی لەخۆیدا مانای وایە داپچڕاوە لە هەمو کەلەپوری کەلامی وفەلسەفیی ئیسلامیی کۆن وهەمو مشتومڕێکی کەلامیی پێ حەرامە.

بۆ لاپەڕە (١٥)

بینین

♦ دڵسۆز حەمە

خیتاب و کاریزما

ئەگەر ناوەڕۆك و پێکهاتەی خیتابی سیاسی وفەرهەنگی وئینسانی بزوتنەوەیەك لە قۆناغێکی مێژویی دیاریکراودا (بە تایبەتی لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی وپرسە چارەنوسسازەکاندا) یەکێك بێت لە پرەنسیپە هەرەگرنگ وکاریگەرەکانی سەر شێوەی کارکردن وئاستی گۆڕان وقۆلایی کارکردنی پەیامەکە لە مێژودا ،ئەوا کاریزما ، قودرەتی پیادەکردن و جەسارەت ولێهاتویی وهەڵکەوتویی مێژویی و دەگمەنی و جێ متمانەبونی کاراکتەر و سەرکردەکانی ئەو بزوتنەوەیە پایەیەکی ترن لەو پایە میژویی و فاکتەرە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر ڕەوتی گەشەکردن و پێشکەوتن و سەرکەوتن و جێگیرکردنی ئەو بەها و پرەنسیبانەی کە لە ناوەڕۆکی خیتابدا ئامادەییان هەیە ،ئەگەر خیتاب دەقێکی نوسراو بێت ، نەخشەی پڕۆژەیەکی سیاسی وفەرهەنگی ومێژویی بێت لە ساتەوەختێکی مێژویدا وکۆمەڵگەیەك لە دەوری خۆی کۆکاتەوە ، ئەوا کاریزما ،سەرکردایەتی ،پێکهاتەی سیمبۆلیکی کەسێك یان کەسانێك کە بەرجەستەی مەوزوعی و ڕاستەقینەی ناوەڕۆك و پەیامی خیتاب دەکات ، ئێمە پێیان دەڵێین ، سەرکردە ، پڕۆسەی سەرکردایەتی و پێشڕەوایەتی کردنی کۆمەڵگە ،خۆ بە بەرپرسیارزانینی کۆمەڵگەیەك وکارکردن لەسەر پرسە مێژویی و ئینسانیەکانی کۆمەڵگەیەك ،بە تایبەتی پرسی ئەو کۆمەڵگەیەی کە خاوەنی مێژویەکی تراژیدی وپرسی دەیان گرێ و کێشەی خوێناوی وئینسانی وەها گەورەو پڕئەشکەنجەن کە کارکردن لەسەر خیتابێکی گشتگیر وئینسانی دەبێتە یەکێك لەهەرە پێویستیە مێژوییەکانی ،کە ئەمەش لە دواجاردا باشترین زەمینەی مێژویی وسۆزداری وهەماهەنگی کۆمەڵایەتی فەراهەم دەکات بۆ گردبونەوەو ڕیزبەستن لەژێر سێبەرو مینبەری ڕابەرێکدا ، یان چەند مینبەر و چەند ڕابەرێکدا ، سەکردایەتیکردنی پرسی ئینسانی مێژویی کۆمەڵگەیەك ،بە تایبەتی لەو قۆناغە مێژوییانەی کە کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە دەگوێزێتەوە بۆ قۆناغێکی دی ، وەکو لە بندەستیی و داگیرکردنەوە بۆ ئازادی و ڕزگاری ، لە هەژاری وجەهل وپاشکەوتنەوە بۆ قۆناغی بیناکردنی ئابوری ، بوژانەوە و پێشکەوتن وئازادی کۆمەڵایەتی ،ئەو پڕۆسە مێژوییانە ، لەگەڵ ئامادەیی خیتابی شێلگیر و ڕادیکاڵ و ریشەیی ، پرەنسیبی کۆنکریتو و ڕەوشەن ،ئامادەیی کاریزمایەك دەخوازێت تێکەڵ لە ڕۆحی پێغەمبەران و سێبەری باوکێکی بەهێز ، پێغەمبەرێك کە پەیامەکەی خەونی گشتگیرو حیکایەتی ئینسانی کۆمەڵگە دەگێڕیتەوە بەو جۆرەی لە یادەوەری گشتیدا ئیدی دەبێتە سیمبۆڵی پرس و خەونەکان ،باوکێك کە هێز ودەسەڵاتو دەسترۆیشتویی لە ئاستی کۆمەڵگەدا لەڕاستگۆیی و جێ متمانەبون وئاستی فیداکاری وقوربانیدان و هەمیشە ڕاگرتن و درێژەپێدانی پرەنسیپەکاندا بەدەستدەهێنێت، هەمە پرسێکی مێژویی مەرج نیە سەرکردەی کاریزما بەرهەم بێنێت ،هەمانکات لەوکۆمەڵگەیەنەی کە ئاستی فەرهەنگی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی نزمدایە ، ئایین و پەیوەندی خێڵەکی و بنەماڵەیی یەکێکن لەو پرەنسیبە نێگەتیڤانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر دیدی کۆمەڵگە بۆ ناسینەوەو پێناسەکردنی کاریزما ،بەتایبەت لەناو بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا ،تێکەڵبوونی ئەو پێناسانە وکاریگەری بۆ چەمك و خەسڵەتی کاریزما ،بەدەیان سەرکردەو فیگەری سیاسی هەڵڕشتۆتە ناو ژیانی سیاسی ومێژویی کۆمەڵگەوە ،بە بێ ئەوەی نە کاریزما بن ،نە هەڵگری خیتابێکی فەرهەنگی و سیاسی وڕەوشەنبیری گرنگ ، (نێلسۆن ماندێلا) گەنجێکی ٢٥ساڵان بو کە زیندانی کرا ، پیرەمێردێکی ٦٢ساڵان بو وەختێك ئازادکرا ،کاریزمای ماندێلا وەختە لەگەڵ کاریزمای سیمبۆلیکی گیڤارادا دەبنە بەشێك لە میتۆلۆجیای بەرەنگاربونەوەی مرۆڤایەتی لەگەڵ زوڵم وزۆر وناهەقیدا ،کاریزمای ماندێلا و کاریگەریی بە قۆلایی کۆمەڵگەی باشوری ئەفەریقاو متمانەی بێسنوری خەڵك بە کاریزمای ماندێلا لە لایەك ناوەڕۆکی خیتابی نیشتمانیو گشتگیرو کۆنکرێتیی ئەو لەلایەکی دی ،ئەمانە ئەو دو پرەنسیبو پایە گرنگە بو کە باشوری ئەفەریقای لە سەردەمێکەوە گوێزایەوە سەرەمێکی دی ، (مەهاتما غاندی) لەو کاریزما زۆردەگمەن ومێژوییانەن کە دەگمەنییان ، نەك تەنها لەبەرخۆڕاگریی و سەرکردایەتیکردنی پرسی ڕزگاری وڵاتێکبوو ،بەڵکو ئامرازەکانی ئەو ، ناوەڕۆکی دەگمەنو خیتابی شۆڕشە سپیەکەی ئەو ،بزنەکەی و جلکە ڕستراوەکانی و گۆچانەکەی دەستیو لەشوڵارە لاوازەکەی ،ئەو ژیانە دەرویش ونمایشە سیمبۆلیکەی ئەو لە دژایەتیکردنی داگیرکردن وزوڵم وچەوساندنەوەدا ، ڕەنگە دەگمەنترین خیتاب وسەرنجراکێشترین کاریزمای بە مێژو ناساندبێ ،خیتابی(غاندی) و ئامرازەکانی ڕەنگە ڕاستەخۆترین وسادەترین وڕەوشەنترین خیتابی سیاسی و ئینسانی بێت ،لە مێژوی هاوچەرخدا ، ماندێلا و غاندی ، زیندوترین نمونەی کاریزما و ئامادەیی خیتابێکن کە لەساتەوەختێکی مێژویيدا ، کۆمەڵگەیان گواستەوە قۆناغێکی نوێ ، کاریزمای ئەو دو سەرکردەیە لە سنوری وڵاتەکانی خۆیان تێپەڕیوە ،ئەمڕۆ کاریگەریان بەسەر هەر بزوتنەوەیەکی ڕەهاو خیتابێکی مرۆڤانەوە هەیە لە هەر جێگایەکی دونیا ، ئاستی مەینەتی و قوربانیەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ،مێژوی جینۆسایدو پڕبوونی یادەوەری گشتیمان لە هەمان حیکایەت ،لە هەمان شێوازی مەرگو توانەوەی مرۆڤ ،پێکەوەبونی گشتیی هەمومان لەهەمان زیندانو چارەنوسی بەرەنگاربونەوەدا ،لە لایەکی دی ڕاوەستانو بەریەککەوتنیمان لەگەڵ شۆڤینیترینو نەگریسترین دوژمنو هێزی عەرەبدا ،ئەمانە زەمینە نین بۆ ئامادەییو هەبونی خیتاب ،خی